28ی ئابی 2023

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان**

**راگرتنی هەناردەی نەوت و بودجەی عێراق زیانی بە هەموو عێراقییەکان و کەشوهەوای وەبەرهێنانی عێراق گەیاندووە**

گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی تورکیا بوونە هاندەرێک بۆ کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا. کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا هەنگاوێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی گرنگترین کەرتی پیشەسازی خۆی، کە 80 لەسەدی ئابوورییەکەی لەخۆدەگرێت. هەروەها، دەبێتە هۆکاری دەستپێکردنەوەی کاری کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکانیش، لە قازانجی زۆربەی هاووڵاتیانی عێراق.

راگرتنی هەناردەی نەوت لەڕووی ئابوورییەوە زیانی بە هەموو لایەک گەیاند، لەوانەش، حکومەتی فیدراڵی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان و خەڵکی عێراق. لەو کاتەوەی هەناردەی نەوت راگیراوە لە کۆتاییەکانی مانگی ئادار، زیانە ئابوورییەکەی بە 4 ملیار دۆلار خەمڵێنراوە، ئەوەش زۆر زیاترە لەوەی عێراق لە یەکێک لەو پێنج داواکارییەی لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەیدا وەریگرتووە. ئەم زیانانەش لە میانەی گفتوگۆ سیاسییەکاندا زیاتر دەبن.

**هەرچۆنێک بێت، تەنانەت ئەگەر هەناردەی نەوت دەستپێبکاتەوە، کۆمپانیاکانی ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان نەوت بەرهەمناهێنن، تاوەکو دڵنیابنەوە چۆن کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان بەگوێرەی رێککەوتنەکانیان پارەکانیان لە هەناردەی نەوت لە رابردوو و داهاتوو وەردەگرنەوە.** بەگوێرەی بودجەی پەسەندکراوی عێراق بۆ ساڵی 2023 بۆ 2025، حکومەتی فیدراڵی عێراق بەو ئەرکە هەڵدەستێت، سەرەڕای 12.67%ی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆی هەیە قەرەبووی تێکڕای بەرهەمهێنان بکاتەوە (دەنگۆیەک هەیە 6 دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی خاو) بەگوێرەی گێڵگە نەوتییە نەناسراوەکانی عێراق. ئەوەش بڕێکی هەرەمەکییە و بۆ قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی تێچووی بەرهەمەکانیان و لەژێر گرێبەستی بەرهەمهێنانیان نەگونجاوە، بەبێ ئاماژەپێدان بە وەبەرهێنان و ئەو مەترسیانەی لەو ماوەیەدا رووبەڕووی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان بووەتەوە. هەروەها، وەک ئەوەی لە راگەیاندراوەکەی 13ی ئابی 2023ی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئاماژەی پێدرا، ئەو مافانەی لە گرێبەستەکاندا هەن لەلایەن یاسای ئینگلیز لەگەڵ یاسای ناکۆکی لەڕێگەی دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەنەوە چاودێری دەکرێن.

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان سەبارەت بە دەرکردنی یەکەم یاسای نەوت و گاز هەمان نیگەرانی هەیە. لەگەڵ بودجەی ئێستای عێراق، تێدەگەین لەوەی رەشنووسی یاسای نەوت و گاز رەچاوی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان یان بڕگەکانی تایبەتمەند بە گرێبەست کە بوونەتە هۆی گەشەی ئابووری لە زیاتر لە 15 ساڵی رابردوو، نەکردووە. شکستی بودجەی عێراق و یاسای نەوت و گاز بۆ رەچاوکردنی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی و گرێبەستکردن دەبنە هۆی زیاتر زیان گەیاندن بە کەشوهەوای وەبەرهێنانی عێراق.

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان متمانەی تەواوی هەیە، ئەمڕۆ چارەسەرێک بۆ قەیرانە بەردەوامەکان هەیە. ئێمە داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین چارەسەری بازرگانی سوودبەخشی هاوبەشی خۆیان بۆ هاندانی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی و لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراق، یەکبخەن.

**-کۆتایی-**

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی www.apikur.uk بکە،